www.kurdistannet.org
17-2-2006 9:49بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# فەرِەنسۆ هەریری... چیرۆكی پاكیی و راستگۆیی و ئازایەتی مەسیح و بارزانی نەمر.. خەسرەو پیربالْ



رِۆژی 2006/2/18، تەواو پێنج سالْ دووای تیرۆركردنی خوالێخۆشبوو و بەهەشتی فەرِەنسۆ هەریریدا تێپەرِدەبێت، ئەو كەلْەپیاوەی كە قارەمانێك و ئەرشیفێكی گەورەی مێژوویی بزاڤی رِزگاریخوازی نەتەوییمان بوو، پێنج سالْ دوای تیرورکردنی ئەو پیاوەی كە هەموو ژیان و كاتی خۆی تەنها بۆ شۆرِش و خزمەتكردنی رِابەرِایەتی و سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و خەباتە بێوچانەكەی تەرخان كردبوو. كاتێك باس لە ژیان و كەسایەتی فەرِەنسۆ هەریری دەكەین، خۆمان بەرامبەر پیاوێك لە وەفاو دلسۆزی و رِاستگۆیی دەبینینەوە، فەرِەنسۆ بۆ هەموو ئەوانەی لە نزیك و دوورەوە دەیانناسی، هەمیشە، چەند سیماتێكی بەرچاو و زەق بەرەو رِوویان دەبۆوە، چەند سفەتێك، رِاستگۆیی و سادەیی و دلْسۆزی و بەرخۆدان، زۆر لە سیفەت و رِووخسارە تایبەتمەندەكانی تری ئەو كەسایەتیە لەوانەیە بۆ كاری سیاسەتكردن و پرِۆسەی سیاسیدا، بەتایبەتی لە دونیای ئێستادا و لە كۆمەلْگایەكی وەكوو كۆمەلْگای رِۆژهەلاْتدا، زۆر ئەستەم بێت، سیاسەتمەدارێك بە درێژایی هەندێك كەمتر لە سەدەیەك، لە نزیكەوە، تێكەلْی بزووتنەوەی نەتەویەی بیت و وەكوو ئارشیفێكی سیاسی و فەرهەنگی، ئاگاداری هەموو بچووك و گەورە و ووردەكاریەكانی شۆرِشێك بیت و پاشانیش، لە وەچەرخانێكی نویدا، (پاش سەرهەلْدان)، بەردەوام بیت لە كاری سیاسی و لەناو شار، زۆر بە شێوەیەكی سادە و لێبووردەییەوە لە خزمەت خەلْكی بێكەس و هەژاراندا بیت، بەبی جیاوازی بۆچوونی سیاسی و ئاینیەوە، هاوكاری و یارمەتی زۆر لە خەلْكی كوردستان بدات.

2001/2/18، ئەو رِۆژەبوو، فەرِەنسۆ هەریری، خەریكی سازدان و ئامادەبوونی ئاهەنگی دامەزرانی یەكیەتی قوتابیانی كوردستان بوو، لە رِێگای خۆی بەرەو لقی دووی پارتی دیموكراتی كوردستان، لە نزیك مزگەوتی سپی پایتەختی كوردستان، كە چەند كەسێكی پیسی بیرتەسكی دەست رِەش، بە فرتووفێلْێك و بەرنامەیەكی پێشتر ئامادەكراو، بەبی بەزەیی و دوور لەهەموو نەرِیتێكی نەتەویی و میهرەبانی ئاسمانیەوە، تەقە لە شەهیدی سەركردە دەكەن و زۆر بەسەختی برینداری دەكەن، پاشانیش لە خەستەخانەی فریاكەوتن لە هەولێر، رِووحی پیرۆزی بەرەو ئاسمان وەكوو كۆتر دەفرِی..

فەرِەنسۆ جگە لەوەی لە رِیزەكانی پارتێكی سیاسیدا، كاری كردووە، لەهەمان كاتدا، لە كوردستان، بەوە ناسراو بووە، كە لەسەر هەر مەسەلەیەك، بۆچوونی تایبەتی خۆی نەگۆر هەبووە، ئاگاداری زۆر لە ووردەكاریەكانی كۆمەلْگای كوردستان و ئەو ولاْتانەی دەوروبەر بوو، هەر لە تافی گەنجیەوە، بە كەسایەتی سادەی خۆی و رِاستگۆیی ببوە كەسێكی برِواپێكەر و دلْسۆزی باوكی رِووحی كورد مستەفا بارزانی، پاشانیش تاوەكوو دووا ساتەكانی ژیانی خۆی، بە یەكێك لە نزیكترین و ئاگادارترین كەسایەتی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان دەناسرا، جەنابی سەرۆك بارزانی و كاك نێچیرڤان بارزانی، رِێز و حورمەتێكی تایبەتی و بێ وێنەیانیان بۆ هەبوو، كەس ئەو رِۆژە لەبیرناكات، كە دووای تیرۆركردنی هەریریدا، جەنابی سەرۆك مەسعوود بارزانی چۆن گریان گەرووی گرتبوو، فرمێسكی گەرمی

بۆ هەڵدەڕشت، بێجگە لە وەش، هەموو هێزە سیاسیەکانی تریش، ئەو ڕۆژە ڕەشەی 2001/2/18، چۆن تووشی حالەتێکی حەپەسان هاتبوون بە لەدەستدانی فەڕەنسۆ هەریریا...

مێژووی برادەرایەتی خانەوادەی بەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەفتاکان و ئەوکاتەی دایك باوکم بەرەو خەلان و مێرگەسوور دەڕۆن، بۆ زیارەتکردنی گرتووخانەی ڕایەت و خەلان، پاشانیش، ئەوەی پەیوەندی بەخۆمەوە هەبێت، پاش سەرهەڵدان، چەند جارەی کە لە دوورەوڵاتیەوە دەگەڕامەوە بۆ کوردستان، بۆ نیوسەعاتیش بووایە، دەچوومە خزمەتیان، دەتوانم بڵێم لەسەردەستی ئەو بەڕێزەوە بە شانازیەوە چوومەتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لە سەفەرێکمدا، ئەو کاتە لە فەڕەنسا بووم، چوومە لای و زۆر قسەمان کرد لەسەر حەز و داوای شەهیدی سەرکردە، پەیوەندیم بە پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی کرد، دەستم بە کاری سیاسیم کرد.

ساڵی 2000 بوو، ئەو کاتەی خەریکی خوێندنی ماجستێر بووم لە زانکۆی لاهتی لە فینلەندا، هاتمەوە کوردستان، تەواو ساڵێك پێش شەهیدکردنی، ئێوارەیەك لە سەڵاحەددین، لە مەکتەب سیاسیدا چاوم پێکەوت، ووتی خەریکی چیت؟ منیش ئەرزم کرد: لە زانکۆی فینلەندا دەخوێنم و خەریکی ئامادەکردنی دیراسەیەکم لەسەر (بارزانی نەمرو ڕوڵی لە مێژووی سیاسی کوردستاندا) ..

ئەو قسەیەم کرد و وەکوو هەموو جارێك و هەمیشە، ڕێگای بەخۆی دا و قسەکەی پێبڕیم، بەڵام پاش ووردبوونەوەك و لەژێر چاویلکەکانیەوە، تەماشایەکی کردموو ووتی: نا... واز لەو فیکرەیە بێنە، لەسەر بارزانی زۆر شت کراوە و خەڵکانی تریش زۆریان کردووە، لە جیاتی ئەوە، ئێستاکە حکومەتی کوردستان، کابینەی سیێەم، دووبارە ئابووری وڵاتێکی ڕووخاو بنیاتدەنێینەوە لە کوردستان، ئێستا ئێمە زیاتر گرفت و مەسەلەی ئابووریمان هەیە، لە جیاتی ئەوە، خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی ئابووری بە لەسەر کوردستان...

بەهەقیقەت هەر وایش بوو، ئەو زانکۆیەی من تێیدا دەمخوێند، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی پێش من نەکرابوو لەسەر کوردستان، بەهەر حاڵ بەڵێنم پێدا کە بە قسەی بکەم و، ساڵی 2001 پاش تیرۆرکردنی، کتێبەکەم کە ناونیشانی (ئابووری هەرێمی کوردستانی باشوور) لە فینلەندا بە زمانی ئینگلیزی و و پاشانیش لە کوردستان، بە زمانی کوردی لە چاپدایەوە.

لێرەدا مەبەستم دوورو ڕاستەقینە تێڕوانینی ئەو کەسایەتیە بوو ویستم دەریبخەم، لەگەڵ ئەوەش، بارزانی نەمری بە باوکێکی مەزنی خۆی دەزانی، بەڵام ئاگادار و بەرپرسانە بیری دەکردەوە، ڕێزی بۆ نووسین و فیکر هەبوو، زۆر یارمەتی و کۆمەکی ڕۆشنبیر و نوسەرانی کوردستانی دەکرد، گەورەی و دڵبڵندی ئەو پیاوە، لەوانەیە لە توانای مندا نەبێت لە بابەتێکدا بەیانی بکەم...

فەرەنسۆ ئەو پیاوەیە کە ناکرێت، هیچ ساڵێك تێپەڕێت، پرسەیەکی گەورە و شایستەی نوێی تری بۆ نەگیرێت، ئەو پیاوە ئارشیفێکی گەورەی نەتەوەییمان بوو، بە ساردی و بە بێدەنگی لەبیرمان چوو... ئەو کەسایەتیە، لە لایان هەموو ئەوانەی خۆیشیان نەدەویست، ڕێز و حیسابێکی بۆ دەکرا.

پاش پێنج ساڵ دوای تیرۆرکردنی ئەو کەڵە پیاوە، بە هەند و پێویستی دەزانم، خوێندنەوەیەکی خێرا بکەین و سەیر بکەین کە دووای بزربوونی فەڕەنسۆ هەریری، چی کراوە، وەکوو درێژە پێدەری ئەو سیاسەتمەدارە، چیمان کردووە و چیمان دوواخستووە و

لەبیرمان كردووە، وەكوو وەفایەك بەرامبەری، لەوانەیە لەنێوان ئەو خاڵانەدا، هەندێك مەسەلەی زۆر گرینك هەبن، پاش شەهیدی نەمر، دەبووایە ڕامانپەڕاندبا و ئەنجام بدرابان:

–فەرەنسۆ هەریری، پاش خۆی (گۆڤاری هەولێر) ی دردەكرد، بە كۆششی بەڕێزان فەیسەڵ دەباغ و چەند برادەرێكی تر، تەنها یەك ژمارەی تری لێدەرچووە، لەبەر هۆی جیاجیا، ئەو گۆڤارە مخابن وەستاوە.. گۆڤاری هەولێر، ئەو گۆڤارەیە گرینگی بە ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندی شاری هەولێر دەدات، دەكرا، وەزارەتی ڕۆشبیری حكومەتی كوردستان، یاخوود هەر دەزگایەكی تری بڵاوكردنەوە، ئەركی دامەزرانی دەستەیەكی نویی و نووسەران دەستنیشان بكرێن و ئەو پرۆژەیە لەفەوتان ڕزگار بكرێت و بەردەوامی بدەین لە دەچوونی.

–لەو شوێنەی كە شەهیدكرا، دەكری ستاتویەكی شایستە بە مێژووی ئەو پێشمەرگەیە درووست بكرێت، وەكوو ڕێزێك و وەفایەكمان بەرامبەر ئەو كەسایەتیە.

– شەهیدی سەركردە، تێڕوانین وبۆچوون و خوێندنەوەی خۆی هەبوو بەرامبەر بە ڕووداو و مێژووی ڕزگاریخوازی كوردستان و شۆڕش، جگە لەو سی كتێبەی كە چاپی كردووە، چەندین گفتووگۆ و شتی جیاجیای هەیە، دەكرێت هەموویان لە دووتۆی كتێبێكدا چاپبكرێن. ئەوەش ڕوونە كە فەرەنسۆ هەریری، دەستنووسێكی دووای خۆی حێهێشتووە.

– لێرەدا، دەبووایە، هەندێك لە وردەكاریەكانی تری ئەو پلانە ناشرینەمان بزانیایە، مخابن، هەموو ئەوانەی فەرەنسۆیان خۆش دەویێت، تاوەكوو ئێستاش، نازانن كی لە دواوەی كووشتنی فەرەنسۆ هەریریدا بوونە!!

فەرەنسۆ هەریری، ڕێچكەیە، شێوازێكی تری بیركردنەوەبوو، بەدوور لە بیرتەنگی و تاكرەوی، مرۆڤێكی دڵبڵندبوو، تەماحكار و گرژ نەبوو، تاوەكوو ئێسقان بەوەفا و بە شەهامەت بوو، ئینتیمای ئاینی مرۆیی بوو، ئازایەتی و پاكی لە مەسیح و بارزانی نەمرەوە وەرگرتبوو، لێبووردەییەكی بێسنووری هەبوو بەرامبەر دووژمنانیشی...

فەرەسۆ هەریری، تاوەكوو ئەبەد وەكوو ڕەمزێكی گەورەی نەبەردی و ڕاستگۆیی و بڵندگۆی و قارەمانیەتی دەمینێتەوە، بۆ هەمیشەش وەكوو چیرۆكێك و واتایەكی تری وەفا دەمێنێتەوە، بۆ هەمیشەش، دەبێت هەموو كوردێك، وەكوو ئارشیفێكی نەتەوەیی گەورە شانازی پێوە بكەن.

خەسرەو پیرباڵ
2006/2/18
Pirbal@hotmail. com